**جەمال نەبەز**

# گۆڕیننامە

## ڕەوتی گۆڕین لە گۆڕەپانی هزریی رامیاریی کۆمەڵگەی کوردەواریدا
## وەک
## ڕێخۆشکردنێک بۆ هێنانەکایەی نەتەوەیەکی یەکسان و نیشتمانێکی ئازاد و ئاوەدان

**وتارێکی سەمینارییە لە رۆژی** 2009.11.8 **لە** Im klostergarten56, 53347 Alfter-Bonn
**لە شاری بۆن(ئەلمانیا)**
**بە بانگهێشتی "دەستەی پشتگیریی بزووتنەوەی گۆڕان لە بۆن و دەوروبەری" پێشکێشکرا**

*****

**بەڕێزان، بەشدارانی سەمینار**

**سوپاسێکی گەرمی یەکبەیەکی ئێوەی بەڕێز دەکەم بۆ بەشداریتان لە سەمیناری ئەوڕۆدا. هەمووتان، بە تایبەتی ئەو بەڕێزانەی لە دەرەوەی بۆنەوە هاتوون، بەخێر هاتن و سەرچاوم. سوپاسێکی گەرمیش بۆ دەستەی پشتگیریی بزووتنەوەی گۆڕان لە بۆن و دەوروبەری کە ئەم کۆبوونەوەیان ریکخست و ئێمەیان بەیەکگەیاند.**

**بەڕێزان:**

**ڕەنگە هێندێکتان ئەوە بزانن کە لەگەلێک لایەنەوە روودەنرێلێم بۆ بەستنی سەمینار و کۆڕی زانستانە و، وتوویژ لەگەڵ دەزگەکانی راگەیاندنی گشتی، بەڵام دڵنیابن تەنێ بە دەنگ ئەو بانگانەوە دەچم کە پێموابێ دەیانەوێ سووتێک بگەیەنن بە ڕەشوڕووت و لێقەومانی کۆمەڵگەی کورد، دور لە بەرژەوەندیی تەسکوتروسکی حیزبایەتی و کەسپەرستی و، لایەنگریی بنەماڵەیی و نێوچەگەرێتی و، دەمارگیریی ئاینی و رامیاری. هیوام وایە ئەم بەیەکگەیشتنەی ئەوڕۆمان لەم رووەوە کەلکێکی هەبێ.**
**ئێستەش جارێ پێشەکییەک بۆ چوونە نێو باسەکە:**
**بابەتی ئەوڕۆمان پرۆسەی** "گۆڕین"**ە . وەک بیستتان؛گوتم"** گۆڕین **" نەک "** گۆڕان**". چۆنکە "** گۆڕان **" لە زمانی کوردیدا کاری تێنەپەڕە** *intransitive*، **واتە؛ بارودۆخێک کە لە ئارادایە، بە شێوەیەکی خۆرسکی و سروشتی، خۆی لە خۆیەوە ببێتە جۆرەکی دی، واتە؛ گۆڕانی بەسەردابێ. بەڵام "** گۆڕین**"، یان "گۆهارتن" کاری تێپەڕە** *transitive*، **واتە؛ بارودۆخەکە بەهۆی کارکردێکەوە بچێتە جۆرەکی دی، مانای ئەوەی؛ خۆی گۆڕانی بەسەردا نەیێ، بەڵکو گۆڕینی بەسەردابهێندرێ. جا لەبەرئەوەی بارودۆخی رامیاریی و کۆمەڵایەتی و ژیاریی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، خۆی لە خۆیەوە ناگۆڕێ، بەڵکو لە ژێر کارکردێکی ناوەکی؛ یان دەرەکی، یان هەردووکیاندا، دێتە گۆڕان، دیارە ئەم کارکردەش لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، ئەگەر بە مەبەستی بەرژەوەندیی کوردبێ، دەبێ مایەی خەباتی بێوچانی مرۆڤی هۆشیار و رۆشنبیربێ، کە بیانەوێ کۆمەڵگەی چینایەتی و پاشکەوتووی کورد بگۆڕن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان و، کوردستانی بندەست و پارچە پارچەکراو و، لە کاروانی**

شارستانێتی بەجێماویش بگۆڕن بە نیشتمانێکی ئازاد و ئاوەدان، ئەوا ئەم پرۆسەیە نێودەنێم " گۆڕین " نەک " گۆڕان " و ئەم سەمینارەش نێودەنێم سەمیناری " گۆڕیننامە ". مەبەستیشم هەر قسەکردن و وتاردان نییە، بەڵکو وتووێژ و بیروڕاگۆڕینەوەیە لەگەڵتان. چۆنکە ئێمە بە تاکە تاکە هیچ نین، بەڵام پێکەوە شتین و هێزین.

**بەڕێزینە:**

بیرۆکەی "گۆڕین" بیرۆکەیەکی نوێ نییە بۆ من. چۆنکە پەنجا(50) ساڵ لەمەوبەر ، لە 14ی نیسانی 1959دا، کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد (کاژیک) یەکەمین بەرنامەی بۆ هەڵگێڕانەوەی بنچینەییی ڕەوت و ڕەوشتی کۆمەڵگە داڕشت، کاتێک دروشمی "کوردستان بۆ کورد" و "یەکسانی بۆ گەل"ی، وەک دوو تەواوکەری یەک هەڵگرت. واتە ؛ دەیویست کورد لە وڵاتی خۆیاندا خۆیان فەرمانڕەوابن، نەک داگیرکەران، هاونیشتمانانی کوردستانیش کە گەلی کوردستان پێکدەهێنن، لە ڕووی مافی دەسەڵات و توانستی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتەوە یەکسان بن. واتە؛ لە کوردستاندا؛ جیاوازییی چینایەتیی جڤاکی و ئاغایەتی و مسکێنێتی نەمێنێ. هەر لەبەر ئەوەش بوو؛ کاژیک، وەک بیرێکی نوێ و ئاڵاهەڵگری ڕەوتی گۆڕین، نەک هەر لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان و پشتگرەکانیانەوە، بەڵکو لەلایەن هەموو پاشکەوتووخوازانی کورد و بیانییەوە، بە گەلەکۆمە کوردییەکانیشەوە، کە بەخۆیان دەڵێن"حیزب"، زۆر بێویژدانانە و دڕندانە پەلاماردرا. کاژیک یەکەمین کۆمەڵی بەرهەڵستکار(ئۆپۆزسیۆن)بوو لە نێو کۆمەڵگەی کورددا، لە سەردەمێک لە سەردەمە تاریکەکانی کوردستاندا، چۆنکە وەک هەموو ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستینە، هەر ڕەخنەی نەدەگرت، بەڵکو جێگرەوەی نوێی لەجیاتی کۆنەکان پێشنیاز دەکرد. لێرەدا، بێ پێچوپەنا دەبێژم کە خۆم لایەنگری ئەم جۆرە گۆڕینەم، کە گۆڕینێکی بنچینەییە و ئاواتە نەتەوەییەکان و پێداویستە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە دەبەستێ و، بە تەواوکەری یەکدییان دادەنێ. بەڵام لایەنگریی من بۆ گۆڕینی بارودۆخی بەسەر کوردستاندا سەپاو، واتە؛ گۆڕینی جۆری ژیان و نەریتی پەروەردە و سیستەمی بەڕێوەبەرێتی، بەو شێوەیەی بە کورتی دەستنیشانمکرد، پێوەندیی نییە بە لایەنگریمەوە بۆ لیستێکی تایبەتی لە هەڵبژاردنێکی پەرلەماندا، یان پشتگیریی کۆمەڵێکی تایبەتی کە بە نێوی"گۆڕان"ەوە چالاکی دەنوێنێت، یان پشتگیریی کەسێکی ناسراو کە خەڵکی لە دەورە و ڕێنوێنییان دەکا، بەڵکو پێوەندیی بە هزری گۆڕینەوە هەیە، وەک ڕەوتێکی سەربەخۆ، نەک وەک حیزبێک، یان دەستەیەک، یان کەسێک، با لەگەڵ ئەو حیزبە، یان ئەو دەستەیە، یان ئەو کەسە، هێندەک بیروبۆچوونی وەکیەکیشمان هەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەوت لەلایەک و، حیزب و دەستە و کەس لە لایەکی دی، دوو شتی زۆر جیاوازن لە یەک. چۆنکە ڕەوت، بە پێچەوانەی حیزبەوە، بزووتنەوەیەکی کراوە و فراوان و بێ شوورەیە. بەڵام حیزب وەک سینەما وایە، کە چوویتە ژوورەوە دەبێ بلیتت کڕیبێ، ئەگەرنا، ڕێنادرێ پێت. حیزب بە گشتی لە وڵاتە دیمۆکراتەکاندا،ماڵی ئەندامەکانێتی و لە کوردستانیشدا ماڵی سەرکردەکانێتی؛ بە خۆیان و بنەماڵەیانەوە. واتە، حیزب لە کوردستاندا ماڵی گەل و ئەندامەکانی نییە، بەڵام حیزب، گەلیش و وڵاتیش بە ملکی خۆی دەزانێ. باوەڕنەمان بە حیزب و هاتنەدەرەوە لە حیزب، وەک خیانەت و دوژمنایەتیکردن بەرامبەر حیزب و نەتەوە تەماشا دەکرێ. ئەو کەسەش کە تا دوێنێ وەک پاڵەوان نێویدەبرا، ئێستە هەموو جۆرە تاوانێکی دەخرێتە پاڵ. ڕەخنەگرتن و بیروڕا دەربڕینیش ئەگەر ڕێبدرێ پێی، سنوورێکی یەکجار تەنگیان هەیە. بە کورتی: بە نێودیمۆکرات و بە کردەوەش تۆتالیتێر.

ئێستەش، هێندەک لە حیزبە کوردییەکان، لەسەر ڕێبازی "دێموکراتیی نێوەندیی" و دەسەڵاتی بێ چەندوچۆنی "پۆلیت بیرۆ" (بیرۆی ڕامیاری)ی ستالینانە دەچن بەڕێوە. بەڵام، ڕەوت، بە پێچەوانەی حیزبەوە، بزووتنەوەیەکی کراوە و ڕێبازێکی فراوان و یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەی ئەوانەیە کە باوەڕیان پێیەتی. ڕەوت، وەک لانەی هەنگ وایە، هەموو هەنگێک مافی چوونە ژوورەوە و هاتنەدەرەوەی بە ئازادی هەیە. دوو هەنگ دەچنە ژوورەوە و چوار دێنە دەرەوە. لە چ گوڵێکیش شیرانی دەمژن، سەربەستن. لەسەر بەکارهێنانی ئەو ئازادییە، نابڕاو ناکرێن و لە لانەش دەرناکرێن. هەر لەبەر ئەمە بوو کە لە سەرەتای هاتنەکایەی جموجۆڵی گۆڕانەوە؛ هاواری ئەوەمکرد، نەکەن خۆتان بکەنە حیزب، چۆنکە ئەوە مردنی ڕەوتە کراوەکەیە و دووپاتبوونەوەی هەڵەکانی ڕابردووە.

کورت و کرمانجی: ئەز لایەنگری ڕەوتی کراوە و سەربەخۆم، لێ لایەنگرییەکی زانستانە. پێتان سەیرنەبێ، کە دەبێژم لایەنگرییەکی زانستانە. چۆنکە زانست بێلایەن نییە. زانست لایەنگرە. بە پێچەوانەی ئەوەی زۆر کەس هەن پێیانوایە زانست بێلایەنە، زانست لایەنگرە. زانست بریتییە لە تاقیکردنەوە و بە هەڵەچوون و خۆڕاستکردنەوە و گومانکردن و پشکنین و پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەی سەربەخۆیانە و، ئەوجا هەڵوێست وەرگرتن لەبەر ڕۆناکاییی ئەنجامەکاندا. ئەمەش؛ نە لەبەر خاتری کەس و نە لەڕکی کەس. زانست تەرازووە، شەرمی لە کەس نییە. هەر لە بەر ئەمەشە کە لایەنگریی زانستانە جیاوازە لە لایەنگریی ڕامیاریی و حیزبایەتی و خێڵەکێتی و خزمایەتی و بنەماڵەیی و ئایینی. ئەوجا ئەو لایەنگرییە، لایەنگریی بێ بۆ فەرمانی تاکە سەرکردەیەک، یان لایەنگریی بێ بۆ پیلان و نەخشەی بنەماڵەیەک، یان دەستەیەک، یان خزمێک، یان ئاینێک، یان ولاتداگیرکەرێک، یان مەلایەک، یان قەشەیەک، یان فەقێیەک، ئەمە هەر وەکیەکە. لایەنگریی زانستانە، لایەنگرییەکی کەسانە(شخصي)نییە، واتە؛ پێوەندیی بە کەسێک، یان کەسانێکەوە نییە، بەڵکو لایەنگرییەکی بابەتانەیە، واتە؛ پێوەندیی بە بابەتێکەوە هەیە و، لەو بابەتەوە دەستپێدەکا و هەر لەوێشەوە دەچێتە دەرێ و، لەسەر ئەو بنەمایەش هەڵوێست وەردەگرێ و بڕیاردەدا و لایەندەگرێ، نەک لە بەرژەوەندیی تاکە کەس و دەستە و بنەماڵە و چین و خزم و خێڵ و فەرمانڕەوا و دەوڵەتەوە. بۆ وێنە: ئەگەر تۆ لەسەر ژنێکی کەنەفتکراو و چینێکی بەشخوراو و گەلێکی بندەست و پێشێلکراو، بە شێوەیەکی زانستانە هەڵبدەیتێ، ئەوە تۆ لە مافی ژنەکە وەک ژن و، لە مافی چینەکە وەک چین و، لە مافی گەلەکە وەک گەل هەڵدەدەیتێ، نەک ژنەکە وەک تاکەکەس و، چینەکە و گەلەکە وەک کۆمەڵە کەسانێک، واتە؛ تۆ بەرگریی لە بابەتێک دەکەیت، کە لێرەدا بابەتەکە"مافە"، نەک "کەس". خۆ ئەگەر هەر ئەو ژنە منداڵەکەی خۆی بکوژێ، یان هەر ئەو چینە چینێکی دی بڕووتێنێتەوە، یان هەر ئەو گەلە گەلێکی دی دیلبکا، ئەوا تۆ ئەمجارە، نە لە دژی ئەو ژنە وەک "کەس" و، نە لە دژی ئەو چین و گەلە وەک "کەسان" ناوەستیت، بەڵکو لە دژی بابەتێک دەوەستیت، کە بابەتەکە ئەمجارە دەستدرێژی و بنپێخستنی مافی مرۆڤە. ڕەوتی زانستانەی گۆڕینیش، نە لەگەڵ هیچ کەسێکە و نە لە دژی هیچ کەسێکیشە، بەڵکو لەگەڵ بابەتێکە دژ بە بابەتێکی دی. واتە؛ پشتگیرییەکی زانستانەی بارودۆخێک دەکا بۆ ئەوەی بیکا بە جێگرەوەی ئەم بارودۆخەی کە ئێستە لە کوردستاندا هەیە.

جا، کە لایەنگریی زانستانە پێوەندیی بە بابەتێکەوە هەبێ، دیارە؛ نە دۆستایەتیی تایبەتی بۆ لایەنێک هەیەو، نە دوژمنایەتیی تایبەتیش دژ بە لایەنێکی دی. بەڵکو هەوڵدانە بۆ گۆڕینی بابەت لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی دی، بەدیارخستنی باری ڕاستی و گونجاو، لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا، چۆنکە هەموو

راستییەک و گونجاوێک ڕێژەیین. هەر لەبەر ئەوەشە، ئەگەر هەوڵدانی تۆ بۆ "گۆڕین" ئەوەبێ کە کەسانێک لەسەر کار لاببەیت و، کەسانێکی دی بخەیتە جێیان و، بابەتەکانیش هەروەک خۆیان بمێننەوە، ئەوا ئەو کارەت زانستانە نەبووە و نییە. چۆنکە "گۆڕین" دەبێ لە بابەتدا بێ، نەک هەر لە جێگۆڕکێی شوێنی کەساندا. بۆ وێنە: ئەگەر تۆ شەریفی شەپل و مارفی بەکری گەندەڵ و درزودرۆزنت لەسەر دەسەڵات لابرد و، لە جێی وان؛ قالە هارە و جەرجیسە کوێرت دانا، کە ئەمانیش هەروەک وان؛ گەندەڵ و دز و درۆزن بن، یان ئاتە بیجەڕێنەی سەرکردەی ژنانی حیزبێکت لەسەر گەندەڵی لە کار لابرد و، فاتە تەماتەی ماستاوکەر و زورناژەنی بنەماڵەیەکی دەسترۆیشتووت لە جێی وێ کردە فەرمانبەر و سەرۆکی کۆمەڵەی بە نێو "ژنان" یان "ئافرەتان" کە هەتا ئێستا، سەرەڕای "یەکگرتنی ستراتیژیی" لەسەر ئەو نێوەش ڕێکنەکەوتوون، ئەوا تەنێ گۆڕانێکی سەرزاری و رووکێش روویداوە و، هیچ پێوەندییەکی بە نێوەرۆکی پرۆسەکەوە نەبووە، چۆنکە پێوەندیی بە گۆڕینی بابەتەکەوە نەبووە. ئەمجا بابزانین:

گۆڕین لە چیدا و بە پشتی کێ؟

ئەم پێشەکییەم بۆیە خستە بەرچاو، تاکو بیخەمەڕوو کە ئێمە کاتێک باسی گۆڕین دەکەین لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، دەبێ مەبەستمان لە گۆڕین، گۆڕینی بابەتی باو و وێستاو و سەپێندراوبێ، نەک تەنێ گۆڕینی کەسانی بەرپرسیار لە بابەتەکان،دیارە لێرەدا مەبەستمان گۆڕینی بارودۆخی ژیانی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستانە. ئەوجا کە هاتینە سەر ئەمە، ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: ئایا ئەم بابەتە، واتە؛ ئەم بارودۆخە نالەبارە، چۆن بگۆڕین و چۆن دەستپێبکەین؟ ئایا ئێمە کە داری هیشک و بێبەر و گژوگیای لاپرەسەنگ لە باخەکەمان دەربهێنین و فڕێیدەین، چیمان هەیە لە جێی وانە بیانڕوێنین؟ ئەمەش پرسیارێکی دیکەی بەجێ ئاڕاستەی مە دەکا، ئایا ئێمە چمان دەوێ؟

بە ڕاستی، ئێمە ئەگەر لەگەڵ خۆمان درۆ نەکەین و خۆمان تەفرە نەدەین، ئێستاش نازانین، یان ڕێکنەکەوتووین لەسەر ئەوەی چمان دەوێ و هەر یەکەشمان لە ئاوازێکی دی دەخوێنین. با کەمێک بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کۆمەڵایەتیمان. سەرکردە ڕێساییەکانی کورد لە ڕابردوودا ستراتیژێکیان هەبوو، ئەوەش سەربەخۆیی کوردستان بوو. ئەم سەرکردانە، یان لە بەرەبابی ئەرستۆکراتەکان بوون، وەک میرەکان و بەگزادەکان، یان لە دەستەی شێخەکان بوون. دەسەڵاتی دەستەی یەکەم بنەماڵەیی و بۆماوەیی(میراتی) بوو، دەسەڵاتی دەستەی دووەمیش، بە پلەی یەکەم ئایینی و ئەوجا بنەماڵەیی بوو. شایەنی باسە، کورد بۆرژوای گەورەی وەک تاکەتاکە هەیە،بەڵام هێشتا وەک چین نییەتی، چۆنکە سەرمایەیەکی پیشەسازیی گەورە، جارێ لە کوردستاندا پەیدا نەبووە. هەر لەبەر ئەوەشە، کە کارکەران و کرێکارانی زەحمەتکێشی کوردستانیش، وەک چینێکی بەهێز و کارلەدەستهاتوو چلوورەی نەبەستووە. بەڵام نێزیکەی سەتساڵێکە، چینێکی هوردە بۆرژوای کورد، بە تایبەتی لە نێو خوێندەوارەکان و بازرگانەکان و مزوەرگرەکان و مووچەخۆرەکاندا، دەستی بە درووستبوون کردووە و، لە سەرەتاوە لە خزمەتی ستراتیژیی سەرکردەیەتیی ڕێسایی دا بوو، تا ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول لە شەستەکانی سەتەی ڕابردوودا، بە تایبەتی لە 1964دەوە، هەوڵی سەربەخۆبوونی دا لە سەرکردەیەتیی ڕێسایی، بەڵام؛ نە لەسەر ئاستی جەماوەریی و، نە لە شەڕی چەکداریدا دژ بە سەرکردەیەتیی ڕێسایی، تەنانەت پاش خۆبەستنەوەشی بە داگیرکەرانی کوردستانەوە، سەرکەوتوو نەبوو. پاش هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول لە مارتی 1975دا کە بووبە هۆی کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی سەرکردە ڕێساییەکان، گەلێک گەلەکۆمە بەنێوی "حیزب"دەوە، لە لایەن هوردە بۆرژوای کوردەوە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، سەربەخۆ لەیەک،

دامەزران، لەمانە:"یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان"(لە عێراق) و "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان" (لە ئێران) و "پارتیاکارکەرێن کوردستان (پێ کێ کێ) (لە ترکیا) و ...هتد. ئەمانە، ئەگەرچی هەموویان خۆیان بە مارکسیست دەدایە قەڵەم، کەچی هەموو بە چەک شەڕی یەکدییان دەکرد، لەسەر ئەوەی پێیاندەگوت "پێشڕەویکردنی پرۆلیتاریای کوردستان" و هەر یەکەشیان پێوەندیی پاشکۆیانەی بە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتە داگیرکەرە دراوسێکەی دەوڵەتە داگیرکەرەکەی پارچەکەی خۆیانەوە هەبوو. ئامانجە بڵاوکراوەکانیشیان بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد، لە مافی سادەی کولتوورییەوە بگرە تا دەگاتە مافی چارەنووس و سەربەخۆیی کوردستانیش درێژدەبووەوە و، هەر ئەو ئامانجە، بەپێی کەشوهەوای رامیاریی دەگۆڕدرا و دەگۆڕدرێ. بە کورتی؛ نەستراتیژێکی یەکتا هەبوو، نەهیچ جۆرە هاوئاهەنگییەک لە نێوانیاندا، کە ئێستەش نییە. لە ساڵی 1992ەوە، دوو گەلەکۆمە لە باشوور؛ "پارتی" و "یەکێتی" لە ئەنجامی راپەڕینی مێژوویی بەهاری 1991و گەلڕەوی پاش ئەوە و، هاوکات لەگەڵ هاتنەپێشەوەی هەلومەرجێکی نوێ لە عێراق و رۆژهەلاتی ناڤیندا، بوونە دەسەڵاتدار لە سێ ستاندا و، تا ئەورۆ کە ئەورۆیە، نەیانتوانیوە تاکە داخوازییەکی خەڵکی کوردستان جێبەجێبکەن:

نە حکوومەتێکی یەکگرتووی ناحیزبی و، نە لەشکرێکی یەکگرتووی ناحیزبی و، نە چارەسەری کێشەی نەوت و گاز و، نە رێکخستنی دۆزی پێشمەرگە و، نە گێڕانەوەی نێوچەدابڕاوەکان و، نە رێگرتن لە تاوانی ژنکوژی و، نە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و، نە بنبڕکردنی گەندەڵی و دەسەڵاتی بنەماڵەیی و خێڵەکێتی و نە چارەسەرکردنی هەڵئاوسانی نرخ و کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری و نە ئامادەکردنی ئەلفوبێی شارستانێتی بۆ خەڵک، وەک: ئاو و کارڤا و سووتەمەنی و یانەی لاوان و پێداویستەکانی تەندروستی و، نە خزمەتی زمانی کوردیی بێناز و، نە پاراستنی ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردستان. قەرەبووکردنەوەی خێزانی ئەنفالکراوان و شەهیدانی چەکی کیمیایی و کەمئەندامان و پاداشدانەوەی پێشمەرگە دێرینەکانیش لەلاوە هاوار دەکا، بەرچاوترین "بەرهەمی" ئەم دەسەلاتدارێتییە ئەوەیە گەلی هەرێمی؛ لە گەلێکی بەرهەمهێنەرەوە کردووە بە گەلێکی مووچەخۆر و مشەخۆر. لە ئەنجامی ئەم بارودۆخە نالەبارەوە، ماوەیەکە رەوتێک لە باشووردا دروستبووە بە نێوی "گۆڕان" ەوە، کە لە پێشەوە، لەنێو"یەکێتی"دا پەیدابوو، داوای "چاکسازیی"(ریفۆرم)ی لەنێو"یەکێتی"دا دەکرد. شایەنی باسە، ئەز خۆم زۆر بەگومان بووم لەو جۆرە"چاکسازیی"یە. ئەوەبوو، لە وتووێژێکدا لەگەڵ گۆڤاری "نێوەند" و هەروەها لە چەند وتارێکدا کە لە رۆژنامەی "رۆژنامە"دا بڵاوکرانەوە "قسە هەزارە و یەکێکی بەکارە. کورد پێویستی بە گۆڕینی ژێرخانی پێکهاتە و رەوتی دەسەڵاتە" ژ 304،2008.9.14 "هوردە بۆرژوای گەندەڵ و چلێسی کورد و پەنجا ساڵ فشەکوردایەتی بێئەنجام(1958 ـ 2008) ژ323، 2008.10.14 لەوێدا نووسیبوم: "گۆڕینی پێکهاتەی دەسەلات لە بنەڕەتەوە تەنیا چارەسەری کێشەکانە"، گوتم: چاکسازیی لە سیستەمێکی سەرتاپێ گەندەڵدا ناکرێ و، دەبێ لە بنچینەوە بگۆڕدرێ و، پاڵتۆکەی ئەکاکی ئەکاکیفیچم لە چیرۆکەکەی نووسەری رووس گۆگۆڵ دا هانییەوە بە نموونە کە بەرگدرووەکە پێیگوتبوو، ئەمجارە پاڵتۆکەت پینە ناکرێ؛ چۆنکە جێی دەرزیلێدانی نەماوە و، دەبێ پاڵتۆیەکی نوێ بە دروونبدەیت. گۆڕینیش دەبێ لە بنچینەوەبێ و، لە بابەتەکەدا بێ، واتە؛ لە تەواوی سیستەمی بەڕێوەبەرێتیدا و، لە پێشەوە؛ بە گۆڕینی جۆری بیرکردنەوە و رێبازی هزر و بۆچوون و هەڵوێست دەستپێبکا، ئەوجا گۆڕینی بابەتەکان لە رەگوڕیشەوە. بیروبۆچوونێک کە جیاوازبێت لە بیروبۆچوون و

ڕەوشت و هەڵسوکەوتی حیزبە کوردییەکان و لاسایی و کۆپیی ئەم حیزبانە نەبێ.
ڕاستییەکەی، هەر زوو هەستم بەوە کردبوو کە ئەم بێزاریدەربڕینەی گەنجەکان؛ سەرەتای سەرهەڵدانێکی بەپیتە و دەتوانێ ڕۆڵێک ببینێ لە شڵەقاندنی گۆمی مەنگی ڕامیاریی کوردستان و هیوایەک بداتەوە بە ناهومێدکراوەکان و، ئەوەبوو، وتارێکم بڵاوکردەوە لە "ڕۆژنامە"دا لەژێر نێوی: "کێشەی نەوشیروان و یەکێتی" یان لێدانی تەپڵی نابووتی بۆ ڕژێمی گەندەڵی بنەماڵەیی و ملهوڕیی لە باشووری کوردستاندا ژ449، 2009/4/19، سەروبۆرم بۆ وشەکان کرد. پاش ئەمە، ڕێبازی"چاکسازیی" لە "یەکێتی" جیابووەوە و هێدی هێدی و لەسەرخۆ، خۆی کردە ڕێبازێکی سەربەخۆ. ئەمەش هەنگاوێکی ڕاست بوو.

جا، کە ئەوڕۆ ستراتیژێکی نەتەوەیی لە "نێو حیزبە کوردییەکاندا نییە"، بە بیروڕای من، ڕەوتی "گۆڕان" دەتوانێ ئازادیی خەڵکی کوردستان بکا بە یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی خۆی، چۆنکە، ئازادی لە سەربەخۆیی گەورەترە و، ساڵانێکیش لەمەوبەر باسی ئەمەم کردووە(بە تایبەتی لە نامیلکەی: هێندەک لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم (چاپی یەکەم، سوێد 1984، چاپی دووەم، هەولێر 2001) ڕاستییەکەی، کە مرۆڤ ئازاد بوو، دەتوانێ بڕیاری سەربەخۆیی خۆی بدا، هەر کاتێک بیەوێ، بەڵام کە گەلێک سەربەخۆ بوو، مانای ئەوە نییە کە ئەو گەلە ئازادە. چۆنکە نەتەوەیەکی سەربەخۆ، مانای وانییە کە نەتەوەیەکی هاوئاهەنگە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بوونی چەند چینێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز لە نێو نەتەوەیەکدا دەبێتە هۆی دروستبوونی نەتەوەیەکی ناهاوئاهەنگ. مەبەستیشم لە "چین" لێرەدا هەر چینی ئابووری نییە، بە پێچەوانەی قسەی مارکسیستەکانەوە کە"چین" هەر لە جیاوازیی ئابووریدا دەبینن، بەلای منەوە، جیاوازیی ڕۆشنبیریی (خوێندەواری زۆرزان و نەخوێندەواری کەمزان)و، جیاوازیی توخمی(ژنی بندەست و پیاوی کەڵەگا)و، جیاوازیی ڕەگەزیی و ئێتنی(گەلی دەوڵەتدار، گەلی بێدەوڵەت) و، جیاوازیی پلە و پایە(ئەفسەر و پۆلیس و فەرمانبەری حکوومەت و سادە خەڵکەکە) و، جیاوازیی ئایینی(ئاینی زۆرێتی و ئاینی کەمینە) و...هتد. ئەمانە هەموو دەبنە هۆی دروستبوونی چینی جیاواز جیاواز، کە لە ڕووی دەسەڵاتەوە جیاوازن. ناسنامەی چینیش هەندازەی دەسەڵاتەکەیەتی و دەسەڵاتیش هەر یەک جۆر نییە. ئەوڕۆ لە کوردستاندا، بە تایبەتی لەوبەشەی باشووردا کە بە دەست "پارتی و یەکێتی" یەوە، چینی چاوبرسی و ژندوژمن و نانەتەوەیی و لەخۆبایی و وەک نیسک، بێ باری هوردە بۆرژوای دەسەڵاتدار، چ لە باری ئابووری و چ لە باری نەتەوەییەوە، لە ڕاستە خەڵکە هەژارەکە دووورکەوتووەتەوە، تاوایلێهاتووە، گەڕەکە هوردەبۆرژوانشینەکان، بە گەڕەکی فیرعەونەکان نێودەبرێن و دەسەڵاتدارانیش بە بنکدار و دەڵاڵی کۆمپانیا ترکەکان و بیانییەکانی دیکە. ئەم بارودۆخە ناخۆشە، وای لە ڕاستە خەڵکەکە کردووە کە لە کوردایەتی بێزار و ناهومێدببن. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەم حیزبە دەسەڵاتدارانە کوردایەتییان نەکردووە، چۆنکە کوردایەتی مانای خزمەتکردنی کوردە بێ جیاوازیی و بێ خۆبەزلگرتن و؛ خەڵک بە بچووکگرتن و سووکایەتیپێکردن و نزمتێڕوانیان. بەڵام تۆ ناتوانیت داوای نیشتمانپەروەری لە کوردێکی برسی و ڕووت و بێکار و بێ دوارۆژ بکەیت، ئەگەر خۆت تێر و پۆشتە و مووچەخۆرێکی گەورەی میریی بیت. هێندەک کەسانی داخلەدڵ و لایەنانی نەزان و سەرلێشێوایش هەن، گوناهی ئەم بێدادییە دەخەنە مل کوردایەتی و، بەوکردەوەیەیان، بیانەوێ و نەیانەوێ و، بزانن و نەزانن، تەنێ

رووی خۆیـان رەشـدەکەن و خزمـەت بـە داگیرکـەرانی کوردسـتان دەکـەن. ئەمـە لـە کاتێکدا کـە کوردایـەتی هیـچ گوناهێکی نییە و، ئەمەی دەسەڵاتدارانی کورد دەیکەن مافی بە کوردایەتییەوە نییە، وەک چۆن ئـەوەی رژێمی دیکتاتۆر و سەرمایەداری سۆڤێت، بەنێوی "پرۆلیتاریا" و "سۆسیالیزم"ەوە دەیکرد، هیچ پێوەندییەکی بە پرۆلیتاریـا و سۆسیالیزمەوە نـەبوو، بـەڵام سـەرمایەداران و دوژمنـانی سۆسـیالیزم بیانوویـان دەسـتکەوتبوو، گاڵتـەیان بـە سۆسـیالیزم دەکـرد و، سۆسـیالیزمیان تـاوانبـار دەکـرد. ئـەوجا، وەک چـۆن، بـەڕووخانی رژێمـی دیکتـاتۆریتیی سۆڤێت و دوابڕانـی فشەسۆسیالیزم، سۆسیالیزمی راستینە کە بریتییە لـە ئـازادی و یەکسـانیی مرۆڤ، وەک بیرێکی بێهاوتا و بەرز، نەڕووخاو ناڕووخێ و، سیستەمی سەرمایەداریی تێرنەخۆرە، کە ئـەورۆ لـە قەیراندایـە، هـەر ئـاواش کوردایـەتیی راسـتینە و رەسـەن نـەڕووخاوە و نـاڕووخێ، نـە بـە فشـەکوردایەتیی دەسەڵاتدارانی کورد و، نە بە بوختان و جنێوی ئەوانەی کە تا دوێنێ بوو، زوڕناژەنی رژێمی تـاوانبـاری سۆڤێت و چین بـوون. ئێستەش هێنـدێکیان بوونەتـە زوڕنـاژەنی پـارتی و هێنـدێکیشـیان کە ملوێنێری سـەردەمی بـەعس بوون، بوونە ملیاردێری سەردەمی پارتی و یەکێتی. لەبەر ئەوە، لەسەر رەوتی "گۆڕین" پێویستە ئـەم فشـە کوردایەتییەی دەسەڵاتدارانی کورد و، ئەو بڕوبیانووەی نیازخراپان بە نەحلەت و پەند بکا و بیزرێنێ و، خـۆی بکاتە خاوەنی کوردایەتی؛ بە شێوەی راستینەی، بە گرتنەبـەری رێبـازێکی نەتـەوەیی و، بـە پێداگرتن لەسـەر گێڕانـەوەی بستەبسـتی نێوچـە دابـڕاو و داگیرکراوەکـانی باشـووری کوردسـتان، کـە بەشـێکی گـەورەی تـاوانی نەگەڕانەوەیان، دەکەوێتە سەر ئەستۆی فشە کوردایـەتیی حیزبـە بـەنێو"کوردسـتانییەکان". هـەروەها بـە پشتگیرییکردنی مافی تـەواوی نەتـەوەی کورد لـە هـەموو پارچـەکانی دیکـەی کوردسـتان و دەرەوەی کوردسـتاندا. رەوتی گۆڕین دەبێ ئامادەکاری بکا بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لـە شـاری سلێمانی لـە سـاڵی 2010دا؛ بـە بەشداریی کـۆنگرەی نیشـتمانیی کوردسـتان و هـەموو حیـزب و کۆمەڵـە و رێبـاز و کەسـایەتییەکان و نوێنەرانی چینەکان و خاوەن پیشـەکان و بەشدارییەکی بـەرچاوی ژنـانی رۆشنبیر و بەکرێنـەگیراو. شانبەشـانی ئەمەش، دەبێ رەوتی گۆڕین؛ یەکسانیی کۆمەڵایەتی بکاتە دروشمێکی دیکەی خۆی، ئەمەش بـە مانـای هەوڵـدان بۆ نەهێشتنی زۆرداریی چینایـەتی، یـان هیـچ نـەبێ کەمکردنـەوەی جیـاوازیی چینایـەتی، بـە پشـتگیریی چینـە بەشخوراوەکان، ئـەمـەش نەتـەنێ بـە قسـە و نووسـینی سـەر کاخـەز، بـەڵکو بـە کـردەوە، لـە رێـی هێنـانی داخوازییەکانی بەشخوراوان و زۆرلێکراوانـەوە، لـە رۆژنامە و پەرتـۆکەکان و پەرلەمانەوە بـۆ سەرشـەقامەکانی کوردستان و دەرەوە و، پەنابردنە بەر هەموو جۆرە دەستاوێژێکی جەماوەریی رەوا، وەک خۆپێشاندان و مـانگرتن و واژۆکۆکردنەوە و ئاگادارکردنی سازمانە نیونەتەوەییەکان و پەرلەمانی ئەوروپا، بەڵام بە شێوەیەکی ئـارام و ئاشتیخوازانە. تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتداران؛ دەست بۆ بەکارهێنانی زۆر و دەستدرێژیش ببـەن، دەبـێ خـۆڕاگری و ئـارامی بپـارێزرێ. لـەم رووەشـەوە رۆشـنکاریی ئازادیخوازانـە و دیمۆکراتانـە، رۆڵێکی گرنـگ دەگێـڕێ، بـە تایبەتی رۆشنکاری لە نێو گەنجەکاندا، کچان و کوڕان بێ جیاوازیی. لێرەدا کە دەبێژم کچـان و کـوڕانی گـەنج، لەبەر ئەوەیە کە گەنجان پتر لە هەموو دەستەیەکی دی نێو کۆمەڵگە، بەرژەوەندیی و دەستکەوتیان لـە گـۆڕینی بارودۆخی گەندەڵی کۆمەڵگەدا هەیە، چۆنکە ماوەیەکی درێژتریان لەبەردەمدایە لە پیران و، بەوپێیە، هیوا و ئاوات و خەونەکانیان کوورتر و زۆرترە وەک لـەوانی دی. ئەمە بێجگە لـەوەی کە رەوتـی گـۆڕین، دەبـێ مافی ئازادی و یەکسانیی ژنان بکاتە سەردەستەی داخوازییـەکانی خـۆی. ئـەوەش بـەس نییـە لـەم رووەوە سـەرۆکی فراکسیۆنەکەی ژنێـک بـێ و، دەنـگ لـە پەرلەمانـدا بـەرز بکاتـەوە بـۆ دانـانی ئـەو قانوونانـەی کـە مـافی ژنـان لـە سـەر کاخـەز دەپـارێزن، بـەڵکو بـە کردەوە داوای خستنەکاریان بکـا و، داوای

**سزادانی قورسی ئەو رووڕەشانە بکا کە ژندوژمنی و ژنکوژییان کردووە بە پیشەی گڵاوی خۆیان، ژن دەکوژن و دەبڕن، بە نێوی پارێزگاری لە نامووس، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خۆیان نامووسیان نییە، بۆیە پارێزگاری ئەوەی ئەوان نییانە و بە نامووسی دەزانن، لە لەشی کەسێکی دیکەدا دەیدۆزنەوە. ئەم تاوانبارانە، نابێ وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربچن. پێویستە کۆمەڵگە سزای سەختییان بدات، بە قسەنەکردن لەگەڵیان، بە شت نەکڕین لێیان، بە شتومەک پێنەفرۆشتنیان، بە لێسەندنەوەی منداڵەکانیان، ئەگەر منداڵیان هەبوو. ئەمەش بەس نییە، دەبێ وتووێژێکی ئاشکرا و بابەتانە و بێ سڵەمینەوە لە بارەی رۆمەت (شەرەف) و ئاوڕوو و، نامووس و نەرێت و شەرم و شکۆوە بکرێ، پێناسەیەکی مرۆڤدۆستانە و، تێگەیەکی زانستانە دەستنیشان بکرێ بۆیان و بکرێتە ماکی پەروەردەی منداڵان لە نێو ماڵ و قوتابخانەکاندا. ئەوەش لەبیرنەچێ کە رۆمەت(شەرەف)و (وشەی "** شەرەف" **لە "** شەرم" **ی کوردییەوە وەرگیراوە)و ئاوڕوو و نامووس لە ئازادی جیاناکرێنەوە، واتە؛ مرۆڤی ئازاد خاوەنڕۆمەت و ئاوڕوو و نامووسە، نەک مرۆڤی دیل. بێجگە لەمەش، پێویستە پشتگیریی ژنانی رۆشنبیری چاونەترسی خەباتکار بکرێ، چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان بۆ دانانی بەرنامەیەکی پتەو و فرەئالی لەلایەن ژنانی ئازادیخواز خۆیانەوە بۆ هەموو کۆمەڵگە،** نەک هەر بۆ ئەوەی نێویاننناوە"مافی ژنان". ژنان کەمایەتییەکی پیشەیی نین، تاکو مافی تایبەتییان پێبدرێ لە کۆمەڵگەدا. ژنان ئارەبانە لێخوڕ نین، شوێنێکیان بۆ تەرخانبکرێ ئەسپەکانی لێڕابگرن -ژنان کۆمەڵگەکە خۆین و، ئەو بەرنامەیەی ژنانیش دەبێ هەموو کۆمەڵگە بگرێتەوە، نەک هەر ژنان خۆیان، بەڵام ئەمجارە دەبێ لە باری سەرنجی ژنان و ژنێتیی یەوە بێ. نەک لە باری بەرژەوەندیی پیاوان و پیاوەتی و باری سەرنجی حیزبەکان و ئەو ژنانەوە کە ماستاوکەرانی حیزبەکانن. شایەنی باسە، حیزبەکانی هەموو جیهان، نەک هەر هی کوردستان، حیزبی پیاوانن و، هەر پیاوانیشن کە قانووننامە و نەرێتنامە لە باری سەرنج و بەرژەوەندیی پیاوانەی خۆیانەوە بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنن و ژنانی پێسەرکوتدەکەن. بوونی ژمارەیەک لە ژنان لە سەرکردایەتیی حکوومەت و پەرلەمان و حیزبەکاندا، مانای ئەوە نییە کە ژنان ئازادن. لەبەرئەوە، ئەمجارە، دەبێ ژنان لە باری سەرنجی ژنان و بەرژەوەندیی خۆیانەوە، کە هەزاران ساڵە کراون بە کارەکەر و کەنیزەک و کۆڵکێش و فابریقەی منداڵدروستکەری بێ پاداش، قانووننامە و نەرێتنامە دابنێن بۆ هەموو کۆمەڵگە، کە ئەرک و مافی پیاوان و سنووری پێوەندیی ژنمێری، لە سیستەمێکی یەکسانیدا دەستنیشان بکەن. **با ئەم سەربەرزییەش لە کورد و کوردستانەوە دەستپێبکا، وەک ئەزموونێکی یەکسانیخوازانە و، ببێتە چمکێکی زۆر گرنگی رەوتی گۆڕین.**

**دیارە رەوتی گۆڕین ئەرکی زۆر گرانی بە سەرەوەیە و، لە پرۆسەی هەوڵدانیدا بۆ بەجێگەیاندنیان، تووشی گەلێک تەگەرە و رێپێگرتن دەبێ، بە تایبەتی لەلایەن کاربەدەستانی هەرێمی کوردستانەوە.** بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی لەم بارەیەوە روودەدەن، بە بیروڕای من نابێ پەناببرێتە بەر دەوڵەتی عێراق **. چۆنکە عێراق هەتا ئەورۆ، کە ئەورۆیە، داوای لێبوردنی لە نەتەوەی کورد نەکردووە بەرامبەر ئەو گەلکوژی و کولتوورکوژییەی لە کوردی کردووە و، هەتا ئەورۆش بەشێکی گەورەی باشووری کوردستانی داگیرکردووە و، دانی بە هیچ مافێکی بنچینەیی نەتەوەی کورددا نەناوە و، هەر خەریکی پیلانگێڕان**

**و ڕێکەوتنە لەگەڵ ڕژێمەکانی ئێران و ترکیا و سووریا لە دژی کورد. پەنابردن بۆ دەوڵەتی عێراق، بێجگە لەوەی کە هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی نابێ و، ڕژێمی عێراق ئەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆی لە دژی کورد بەکاردەهێنێ، هەر لەو کاتەشدا، ئەمە دەبێتە دانانان بەوەدا کە دەوڵەتی عێراق دەوڵەتی کوردیشە و کوردستانیش بەشێکە لە عێراق، خۆ ئەگەر ئەوە کرا، ئەو دەمە نابێ هیچ ڕەخنەیەک لە پارتی و یەکێتی بگیرێ، کە کوردیان، بێ هیچ گەرەنتییەکی نێونەتەوەیی، کردەوە بە هاونیشتمانی عێراق و جارەکی دی باشووریان بەستەوە بە عێراقەوە، کە کاتی خۆی، گەلێک هۆشیارنامەم نارد بۆ سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی، بەڵام بە داخەوە بێسووت بوو. بێجگە لەوەش، پەنابردن بۆ ڕژێمی عێراق، پاشڵی ئەوانە پاکدەکاتەوە کە لەشکری عێراق و ئێران و ترکیایان هێنایە"تەوای ئارام"ەوە. بە بیروڕای من،** هەموو گلەیی و سکاڵا و دادخوازییەکی ڕەوتی گۆڕین لە کاربەدەستانی کوردستان، دەبێ بهێنرێنە بەردەم دادگەی ویژدانی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان خۆی و بخرێنە بەردەم دادگە و ڕێکخراو و ڕێباز و کەسایەتییە ئازادیخوازە نێونەتەوەییەکان و، ئەوەش بخرێتە بەرچاو، کە ئەوانەی لە ماوەی چەندمانگێکی کەمدا توانیان جەماوەرێکی گەورە و فراوان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و، هێزێکی بەرهەڵستکار و ڕەخنەگر بهێننە سەر شەقامەکان و نێو پەرلەمان، کە بەلای هێندەک مشەخۆر و مێشکڕزیوەوە "ڕاوی گردی ڕەش" و "خەونی ساویلکانە"ی نەوشیروان مستەفا و دەستەی"کوردستان پۆست" و چەند کۆنە کاژێکێک و فیتی بێگانە بوو، ئێستەش هەر ئەوانە ئەگەر پشتبەخۆبەستن و، پشتیان ساردنەبێتەوە و، دانبەخۆیاندا بگرن و، پەرە بە تێکۆشانیان بدەن، دڵنیابن دەکارن کاری گەلێک لەوە گەورەتریان لەدەست بێ.
**هێنانی فراکسیۆنێکی بەرهەڵستکار(ئۆپۆزسیۆن)بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، بەرهەمێکی بەنرخی خەباتی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان بوو. ئەم سەرکەوتنە نابێبەکەم بگیرێ، دەبێ بچەسپێندرێ، چونکە ئەمە؛ سەربەرزییەکە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان و تەنانەت بۆ لایەنگرانی لیستی زۆرێتی کە لە دوژمنایەتی درێخییان نەکرد. ئێستەش کە ئەمانە زوو زوو بە سەردان دێنە ئەورووپا، دەتوانن سەربەرزانە بێژن کە لە پەرلەمانەکەیاندا ئۆپۆزسیۆنێک هەیە و ئێدی شەرمیان بەخۆیان نەیێ و، ئەوجا لەگەڵ بەرهەڵستکاران دادپەروەرانە بجووڵێنەوە نەک دوژمنانە. لە سەرێکی دیکەشەوە،** ئەم گۆڕینە بوو بەهۆی پەیداکردنەوەی متمانە لەلایەن جەماوەری هیوابڕاوەوە بە خۆی و، سامی خەڵکی سادەشی شکاند بەرامبەر هێندەک لەو شتانەی کە بە پیرۆزمەند و هێڵی سوور دەدرانە قەڵەم. لیستی گۆڕانیش، ئەگەر دڵنیایە لەوەی لە هەڵبژاردندا ساختەکارێتی ڕوویداوە، دەبێ سووربوونی لەسەر مافی خۆی جەخت بکا وەک ڕێزێک بۆ دەنگی لایەنگرەکانی ـ ئەندامەکانیشی خۆیان لە تووڕەیی و هەڵەشەیی بپارێزن و لە پەرلەماندا جێگرەوە(بدیل)پێشانبدەن . **شایەنی باسە، پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم و پەیدابوونی ژمارەیەک پەرلەمانتاری بەرهەڵستکار، هەستدەکرێ کە هێندەک مرۆڤی هەلپەرست کە ساڵانی ساڵە لەگەڵ فەرمانڕەوایانی کوردستاندا و بگرە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە هاوکارن، ئێستە کەوتوونەتە ڕەخنەی نابووتانە لە هەڵوێستی کاربەدەستانی هەرێم. بۆ وێنە: چەند ساڵێک لەمەوبەر کە دەمگوت کورد نابێ پشت بە دەستووری عێراق ببەستێ، چونکە دەستوور بۆ گەلێکە کە ڕێز لە دەستوور بگرێ و،**

دەمگوت دەبێ پارتی و یەکێتی لە حکوومەتەکەی مالیکی بکشێنەوە و گوشار بخەنە سەری بۆ دانان بە مافی کورددا و، دەمگوت ئەمریکا برای باوکی کەس نییە و، دەبێ لە دەرفەت سووت وەربگیرێ، جەنابی دوکتۆر مەحمود عوسمان دەیفەرموو" جەمال نەبەز مافی قسەکردنی نییە، چۆنکە لە ئەوروپایە". ئێستە دەفەرموێ "کورد هەڵەی کردووە کە ئەم چوار ساڵە بێدەنگ بووە و گوشاری نەخستووەتە سەر مالیکی"نازانم کورد کێیە لای کاکە خولە. ئەو خۆی پەرلەمانتارێکی عێراقی بوو لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستانیی و تا ئەوڕۆش. ئەی بۆچی ئەم چوار ساڵە جەنابی نقەی لێوە نەهات و ئێستە قسەکانی من دەکاتەوە؟ چاکە بزانین کە ئەم پیاوە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا کەسی دووەمی شۆڕش بوو پاش ڕەحمەتی مەلا مستەفای بارزانی و، هەر ئەویش بوو کە ڕێی نەدا بە من لە ساڵی 1969دا بگەڕێمەوە کوردستان بۆ نێو شۆڕش. لە ماوەی 14 ساڵ ژیانی شۆڕشدا یەک ڕەخنەی لە مەلا مستەفا نەگرت، بەڵام کە ئاشبەتاڵ ڕوویدا، هاتە ئەوروپا و بە پشتی"یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" هەموو گۆتاوڕۆکەی خستە ملی بنەماڵەی بارزانی و رایکردە لەندەن. ئێستەش بەخێری بنەماڵەی بارزانی بووە بە پەرلەمانتار و دەیەوێ نەچێتە ژێرباری ئەوەی کە خۆشی یەکێکە لەو بەرپرسیارە گوناهبارانەی کە کاتی خۆی دژی هەموو ڕەخنەیەک بوون لە کردەوەکانیان . ڕەوتی "گۆڕین" دەبێ خۆی لە هەموو هەلپەرست و کوڕی ڕۆژێک بپارێزێ و خۆی دووربخاتەوە لێیان و، لەسەر بنەمای پەندی پێشینان "نەخت و پوخت، نەک زۆر وبۆر" بڕوابەڕێوە.

هەر لێرەدا زۆر بە پێویستی دەزانم ئەوە بێژم کە نابێ ڕێبدرێ بە کەسانێکی رابردووڵەکەدار و هەلپەرست و هەڵمەتەکاسە، لەوانەی نەک لە باوەڕبووونیانەوە بە پێویستبوونی" گۆڕین" لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بەڵکو بۆ ئامانجی شاراوە و پشێوینانەوە، خۆیان بخزێننە نێو ڕەوتی گۆڕینەوە. هەرچەندە ئەم ڕەوتە حیزب نییە و کراوەیە، بەڵام پێویستە خۆی بخاتە قاڵبی دامەزراوێکی مافداریی legal Corporation (Juristische Person)(مؤسسة حقوقية)یەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتی ناساز و خراپکارانە بکا و، بە پێی بەرنامەیەکی سنووردیار، چالاکی بنوێنێ و لە هەموو گوند و گەڕەکێکی شار و شارۆچکەیەک لیژنەیەکی کاتی، بە هەڵبژاردن دەستنیشان بکرێ، تا کار نەگاتە تێکەڵوپێکەڵی.

ئەرکێکی دیکەی سەرشانی ڕەوتی گۆڕین ئەوەیە کە سەربەخۆیی تەواوی خۆی لە نێوان باوەڕدارانی بە ئاینەکان رابگرێ. ئەو کەسانەش کە باوەڕیان بە ئاینێک هەیە، دەشی ئەوە بزانن کە هەموو ئەو ئاینانەی هەن، بنچینەی باوەڕەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ خوا و، خواش لە باوەڕی هەموویاندا، دەسەڵاتێکی بێسنووری هەیە، کەواتە خوا هیچ پێویستییەکی بەوە نییە کەس لەسەریبکاتەوە و، بە کەسیشی نەگوتووە بچۆ ئەم بکوژە و ئەو داپاچە، یان لایەنگرانی ئاینێک لە ئاینێکی دیکە هانبدا. بۆ ئەمەش زۆر گرنگە دەستووری کوردستان، بەر لە پشتڕاستکردنی لە پەرلەماندا، زۆر بە هوردی چاوبخشێندرێتەوە پێیدا، تاکو ئەم سەرەتا گرنگە ڕەچاوبگیرێ تێیداو، سەرەتای ئازادی و یەکسانیی مرۆڤ نەڕووشێندرێ. واتە دەستوور لەم ڕووەوە، سەربەخۆیی تەواوی خۆی لە نێوان ئاینەکاندا بپارێزێ. ئەمە بێجگە لەوەی کە لە کوردستاندا گەلێک ئاین و ئاینزا هەن، کە ناکرێ یەکێکیان بگیرێتە بەرچاو و، ئەوانی دیش کەلابخرێن، هەر لەبەر ئەوەی یەکێکیان بە ژمارە پترە لەوانی دی. ماف؛ بە زۆری و کەمی ژمارە نییە. لە کوردستاندا؛ موسلمانی شیعە، موسلمانی سوننی، یارسان(کاکەیی)، ئێزدی، ئالەوی، شەبەک، باجوان، هەقەقە، تەریقەتی دەروێشەکان و سۆفییەکان، دیان، جوو، زەردەشتی، بەهایی...هەن. هیچ خاوەنباوەڕێکی

**ئاینیش رازینابێ بەوەی خاوەنباوەڕی ئایینێکی دی پێبێژێ : "ئەز لە لای خودا رێزم لە تۆ پترە". لەوەش بترازێ، تێکەڵکردنی ئاین کە بنچینەیەکی میتافیزیکی و میتۆلۆژیایی هەیە، لەگەڵ رامیاری و سیستەمی فەرمانرەوایی حکوومەت و دەوڵەت کە بنچینەیەکی ماکی و جیهانییان هەیە و، کردنی ئاین بە حیزبحیزبێنە، ئەوە شکاندنی رێزی ئایینە، چۆنکە حکوومەت و حیزب و رامیاری، دەتوانن شێوەی هەموو جۆرە گۆڕین و تەنانەت گزی و فزیش بەخۆیانەوە بگرن، کە ئەمەش پێچەوانەی نەگۆڕیی و پاکژڕاگرتنی باوەڕی ئاینیە لای باوەڕدارانی ئاین خۆیان.**

**لەمەش گرنگتر ئەوەیە دیوارێکی سەخت هەبێ لە نێوان باوەڕی ئاینی و گوێڕایەڵیکردنی ئەو رژێمانە کە بوونەتە بازرگانی ئاین و، بەنێوی ئاینەوە بە درۆ، بەنێوی خواوە قسە دەکەن و، گەلێک شێوەی تاوانکاری و خوێنرێژیی و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بەکاردەبەن، بەتایبەتی فەلاقەکردن و بەردەبارانکردن تا مردن و لەسێدارەدان و دەستبڕین و ئازار و شکەنجە، زۆر بە تایبەتی دژ بە ژنان. ئەو گوێڕایەڵانە دەبێ ئەوە بهێننە بەر چاو، کە حیزبە کۆمۆنیستەکان کاتی خۆی باوەڕی کۆمۆنیستییان کردبوو بە گوێڕایەڵیکردنی رژێمی تاوانباری سۆڤێت و ئەوجا رژێمی چینی ماوی خەرفاو و رژێمی ئەنوەری خواجای ئەلبانیا و کاسترۆی کوبا، خۆیان دەزانن چییانبەسەرهات پاش هەرەسهێنانی رژێمی ترەکەڵەکی سۆڤێت . ئەمانیش هەر بەو دەردە دەچن، پاش رووخانی ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرانەی کە بە نێوی ئیسلامەوە فاشیزمی عەرەبی و فارسی و ترکی دەبەنبەرێوە لە دژی کورد و خەڵکانی بەشخوراو. ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە رژێمی چینی"کۆمۆنیست ئەورۆ بووە بە گەورەترین سەرمایەداری جیهان و، دیکتاتۆرێتیی ئەم رژێمە گەیشتووەتە ئەوپەڕی پلەی، بە تایبەتی دژی خەڵکی بندەست و لێقەوماوی تبەت. دیارە ئەمەش دەبێ"دیکتاتۆریتیی پرۆلیتاریای سەرمایەدار"بێ، واتە؛ "کۆمۆنیزمی سەرمایەداری" بێ، بە پێچەوانەی "کۆمۆنیزمی کرێکاری"یەوە.**

**جا چۆن رەوتی گۆڕین دەبێ لە بارەی ئاینەوە ماف بە هەموو لایەک رەواببینێ کە باوەڕی خۆیان بە ئازادی و بێترس دەرببڕن و، بە شێوەی خۆیان خوای خۆیان بپەرستن، بێ دەستدرێژیکردن بۆ باوەڕدارانی دی، یان بێ دژایەتیکردنی ئەوانەی هیچ باوەڕێکی ئایینییان نییە، هەر ئاواش دەبێ، رەوتی گۆڕین لیبەرال بێ بەرامبەر بەو هاونیشتمانانەی کوردستان کە کورد نین. بە تایبەتی کە دەبینین مافی رەوای هاونیشتمانە ترکمانەکان، لەلایەن رژێمی ترک و داگیرکەرانی دیکەی کوردستانەوە کراوە بە کێشە و، بەوپەڕی بێ ئاورووییەوە دەستدەخەنە کاروباری نێوخۆی کەرکووک، کە بە قسەی خۆشیان بەبەشێکی دادەنێن لە دەوڵەتی عێراق، کەچی لووتیان ژەندووەتە کاروباری کەرکووکەوە، وەک ئەوەی بەشێک بێ لە دەوڵەتی ترکان یان ئێران. رژێمی ترک کە مافی بیست ملوێن کورد لە باکووری کوردستاندا پێشێلدەکا، خۆی کردووە بە کوێخای ترکمانەکان، بەڵام کە سەدام دەیکوشتن و دەیبڕین، نەک هەر لەسەریان نەدەهاتە گۆ، بەڵکو هەڤاڵبەند و هاوکاری سەدام بوو.**

رەوتی گۆڕان نابێ گوێبداتە هەڵوێستی دوژمنانەی ئەوانەی خۆیان نێوناوە"بەرەی ترکمانی". بە پێچەوانەوە، دەبێ دۆزی ترکمانەکان لەسەر بنچینەی ئازادی و یەکسانی و هاونیشتمانێتی کوردستانی چارەسەر بکا، نەک وەک کەمایەتییەک. مافی مرۆڤ و هاونیشتمانێتی، هیچ پێوەندیی نییە بە زۆریی و کەمیی ژمارەوە.

**هەموو ئەوانەی خۆیان بە کوردستانی دەزانن، مافی وەکیەکیان هەیە لە سنووری مێژوویی و جۆگرافیایی خاکی کوردستاندا. گەلی ترکمان دەبێ جیابکرێنەوە لە "بەرەی ترکمانی" کە بوونەتە کۆڵۆنی پێنجەمی رژێمی ترک و، بەوپەڕی بێئاورووییەوە داوای ئەوە دەکەن لەشکری رژێمی ترک بێتە کەرکووک و مووسڵەوە. کە ئەمەش**

**خیانەتە لە نیشتمان. ئەمانە ئەوە ناخەنە بەرچاویان، ئەگەر رژێمی ترک ئەو گەمژەیەتییە بکا و ببێتە هەڵگیرسێنەری جەنگ، بەر لە هەموو شتێک، ئەمان خۆیان لەنێودەچن، دەبا لە خۆیان بایی نەبن. رژێمی ترک کە ئەمە 86 ساڵە لە لایەن رژێمی سۆڤێت و کۆلۆنیالیستەکانی ئەوروپای رۆژئاواوە، لە سەر خاکی بێگانە کراوە بە دەوڵەت، خەریکی تەفروتوونەکردنی کوردە، لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوەی خۆڕاگری کورد هەر ماوە و دەمێنێ و رۆژبەڕۆژ بەهێزتر دەبێ. تیرۆر و دەستوەشاندن و درۆ و دەلەسە هەڵبەستن و خاکی خەڵک داگیرکردن، هەر بە زیانی ئەوانە تەواو دەبێ کە ئەو کارانە دەکەن. دەبا ئەمانە لە بەسەرهاتی هیتلەر و مۆسۆلینی و چاوشێسکۆ و میلۆسۆڤیچ و شای ئێران و سەددامی عێراق پەند وەرگرن. پاشان، ئەگەر هاتو سبەینێ رژێمی ترک گیروگرۆی خۆی لەگەڵ پێ کێ کێ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە جۆرێک چارەسەر کرد، ئەو دەمە تۆرانییەکان دەبینن کە رۆڵیان تەواوبووە و دەبن بە کوردەکەی لە هەردوو جەژنان بوو.** رەوتی گۆڕین، لە کاتێکدا کە دان دەنێ بە هەموو مافەکانی ترکمانەکانی کوردستاندا، دەبێ وریابێ کە دژکاریی پارتی و یەکێتی بەرامبەر رەوتی گۆڕین، نەبێتە هۆی ئەوەی لە رکاندا، جۆرە هاودەنگی و هاوئاهەنگییەک لە نێوان رەوتی گۆڕین و دوژمنانی نەتەوەی کورددا، لە تۆرانییەکان و بەعسیەکان و فارسچییەکان، یان هێندەک ئەمریکایی و ئەوروپایی دروست ببێ، کە بە دەم خۆیان بە دۆستی کورد دەدەنە قەڵەم و رەخنە لە پارتی و یەکێتی دەگرن و، جاروبارێکیش بۆرە پەسنێکی رەوتی گۆڕان دەدەن، بە نیازی هاندان و گێرەشێوێنی، نەک بە نیازی چاکەخوازی و ئامانجی گەندەڵی خستنەبەرچاو، بەڵکو بە نیاز و ئامانجی دووبەرەکینانەوە و پووچکرانەوەی مافی کورد لە خاوەندارێتیی خاکی خۆیدا. **هێندەک لە مانە، بەوپەڕی بێشەرمییەوە، دەبێژن"با کورد دەست لە کەرکووک هەڵگرن" یان** "با لە کەرکووک هەڵبژاردن نەکرێ". **پێویستە لە وەرامی ئەمانەدا بگوترێ: باشە کە ئێوەش دەستان لە بەغدا و تاران و ئەنقەرە و دیمەشق و واشنتەن و لەندەن و مۆسکۆ و پاریس و بەرلین هەڵگرت، ئەوجا بۆ کەرکووکیش"خوا کەریمە". ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە تاوانی سەختبوونی کێشەی کەرکووک و مووسل و دیالە و کووتیش، بەشی هەرە فرەی دەکەوێتە ئەستۆی حیزبحیزبێنەی"پارتی و یەکێتی". لەگەڵ ئەوەشدا و** لە کاتی لەیەکچوونی رەخنەکانی ئازادیخوازانی کورددا، لە بەڕێوەبەرێتی پارتی و یەکێتی؛ لەگەڵ رەخنەکانی ئەوانەی لە سەرەوە باسمکردن، دەبی زۆر وریابن کە ئامانجە گەشە رەواکانی رەوتی "گۆڕین" لەگەڵ ئامانجی گڵاوی ئەم ناحەز و دوژمنانە تێکەڵیەک نەبن. لە سەر ئەوەش وتارێکم لە رۆژنامەی"رۆژنامە"دا (ژ509. 2009.7.12)و، لە ژێر سەرنێوی : مەترسیی تێکەڵاوبوونی ئامانجە جیاوازەکان، لە کاتی لەیەکچوونی داخوازییەکاندا/ رەوتی گۆڕان و دژبەرانی دەستووری هەرێمی کوردستان وەک نموونە".

**لێرەدا حەز دەکەم ئەوە بێژم کە عەرەب و ترک و فارس نەبوون کە کوردستانیان داگیر کرد و دابەشکرد، بەڵکو ئەوروپاییەکان و یەکێتیی سۆڤێت بوون کە کوردستانیان داگیر کرد و بە بەرتیل دایان بە عەرەب و ترک و فارس و دەوڵەتیان دروستکرد بۆیان . ئێستەش هەر ئەم ئەوروپاییانە و ئەمریکان کە ئەم بارودۆخەیان راگرتووە. خۆ ئەگەر ئەم دەوڵەتانە بیانەوێ کوردستان سەربەخۆبێ، لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانن ئەوە بکەن.**

**كرواتيا و كۆسۆڤۆ و ئەفخازيا و ئۆسێتی باشوور، لە ماوەی چەند هەفتەیەكدا كران بە دەوڵەت. دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەلای ئەم دەوڵەتانە نییە، بەڵكو بە پێی بەرژەوەندیی ستراتیژیی و دەستكەوتی ئابووریی خۆیان هەڤاڵبەندێتیی كورتخایەن، یان درێژخایەن دەبەستن. هەر لە سەرەتای سەتەی نۆزدەوە پێیانوابووە كە كورد ناتوانن بەرژەوەندییە بنچینەییەكانیان دابین بكەن. كوردیش لە باتی ئەوەی لەم بارودۆخە بگەن و لە دەرفەتەكان سووتوەربگرن، ویستوویانە ئەم دەوڵەتانە بكەنە دۆستی خۆیان، كە دیارە دۆستایەتی لە رامیاریدا نییە و یەک لایەنەش نابێ، دۆستایەتی، بە گوڵبارانكردن و پەردەپڵاوەدەرخواردان دروستنابێ، بۆیە هەموو كاتێک كورد بوونەتە قوربانیی ئەم سەردەرنەكردنە لە هەڵسوكەوتدا لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە. هەڵوێستی پارتی و یەكێتی بەرامبەر ئەمریكا، پێش و پاش هەرەسهێنانی عێراق و، لەوەپێشیش بەرامبەر سۆڤێت، كورتبینیی سەركردەكانی ئەم دوو"حیزبە" بەباشی دەخاتەڕوو. هەر زوو بە سەركردەكانی ئەم حیزبانەم راگەیاند كە ئەمریكا لەبەر خاتری كورد نییە"نەوای ئارام"ی راگرتووە و، سەرەڕای ئەوەی پارتی لەشكری سەددامی هێناوەتە هەولێرەوە كەچی چاوی لێپۆشیوە و، پێشمڕاگەیاندن كە ئەمریكا لەبەر خاتری كورد سەددامی نەڕووخاندووە. ئەوساكە دەیانگوت: جارێ بابوەستین ئەگەر سیاسەت گۆڕا "خوا كەریمە" ئێستەش كەوتوونەتە كوڕووزانەوە و دەبێژن: " ئەمریكا سیاسەتی بەرامبەر كورد گۆڕیوە". نەخێر قوربان؛ ئەمریكا سیاسەتی بەرامبەر كورد نەگۆڕیوە. ئێوەن لە سیاسەت نەگەیشتوون. كوا پەیماننامەتان بە مۆر و واژۆوە لەگەڵ ئەمریكا؟ بۆچی كە ئەمریكا رۆژی لێكرابوو بە شەو و، مالیكی گەڕەكێكی بەغدای بەدەستەوە نەبوو، ئێوە نەكەوتنە كار و دەرفەتتان لەدەستدا؟(هەر لە خەمی17%كەدابوون) ئێستەش دەتانەوێ ئەمریكا عێراق بەجێنەهێڵێ، كە مانەوەی ئەمریكا لە عێراق هەر بۆ بەهێزكردنی عێراق و رژێمی ترک و بیهێزكردنی كوردە. خۆ ئەگەر ئەمریكا عێراق بەجێبهێڵێ بە زیانی كورد نابێ، عێراق لەباڵیەک هەڵدەوەشێتەوە. بێجگەلەوەش، ئەوەتا ئەمریكا یەک وشەی لەدەم بەرنابێتەوە لە دژی بۆمبارانكردنی باشووری كوردستان لەلایەن رژێمی ئێران و تركەوە.**

**بە بڕوای من بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیش كە كارێكی ناچارییە، پێویستە رەوتی گۆڕین سۆربی لەسەر سیستەمی كراوەی دوودەنگی، واتە دەنگدەر مافی ئەوەی هەبێ دوو دەنگ بدات(دەنگێک بە لیستەكە) و دەنگێكی دی بە كەسێک كە بەدڵێتی، یان هەر یەک دەنگ بدا بە ئارەزوی خۆی، وەک لە ئەڵمانیا پێڕەوی دەكرێ . بەڕاستی، بێ بەشداریكردنی تەواوی ئەو كوردانەی لە دەرەوە دەژین و مافی دەنگدانیان هەیە بۆ هەڵبژاردنی عێراق، ئەو هەڵبژاردنە ناتوانرێ بە هەڵبژاردنێكی تەواو دابنرێ. گەلێک لێكۆڵینەوە ئەوە دەردەخەن كە ئەو كوردانەی سەر بەرەوتی گۆڕینن زۆربەی زۆری دەنگەكان دەبەنەوە. خۆئەگەر كوردی دەرەوە بێبەشكران، ئەوا پێویستە رەوتی گۆڕین خۆپارێزی"تحفظ)خۆی لەو بارەیەوە بدا بە كۆمەڵەی مافی مرۆڤ و كۆمەڵەی نەتەوەیەكگرتووەكان.**

**بەملوێن بێگانەش هێنراونەتە نێوەڕاست و خوارووی عێراق و ناسنامە دروستكراوە بۆیان. بەم ساختەكارییەش ژمارە و دەنگی كورد بەتەواویی دادەبەزێ.** پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنیش، پێموایە رەوتی گۆڕین هیچ هەڤاڵبەندێتییەک لەگەڵ حیزبە كوردستانییەكان یان حیزبە عیراقییەكان نەكا باشە. هەر كاتێک رەوتی گۆڕین نوێنەری كارزان و شارەزای خۆی ناردە پەرلەمانی عێراق، ئەو دەمە دەتوانرێ لەگەڵ هەموو لایەک بە هێمنی دانوستاندن بكرێ و، ئەوجا بەپێی نێزیكی هەڵوێستی حیزب و رستە حیزبییەكانی نێو پەرلەمان بەرامبەر كێشە نەتەوەییەكانی كوردستان، دەكرێ

هەڤاڵبەندێتییەکی کاتی و هەرجارە بۆ کارێکی تایبەتی پێکبهێنرێ. هەموو هەڤاڵبەندێتییەکی پێشەکی، درێژخایەن، زیانە. لە رامیاریدا دۆستایەتی و دوژمنایەتی نییە، بەڵکو بەرژەوەندی هەیە و بەس و، بەرژەوەندیش هەردەم لە گۆڕاندایە. ئەوەش دەزانرێ کە هەموو حیزب و رستە حیزبییەکانی عێراق، دژ بە مافە بنچینەییەکانی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستانن و، رەوتی گۆڕینیش نابێ دەست لە بستێکی خاکی کوردستان هەڵبگرێ و، دەبێ ئەو درۆشمە بێنێتەدی، کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا دەگوترا: " یان کەرکووک و خانەقین، یان تا ماوین دەجەنگین". ئەوە هەیە خاکی کوردستان لە سنوورەکانی مووسڵ و دیالە و کووت وسەلاحەدین و عەمارەش دا نابێ لەبیر بچنەوە، لەگەڵ داخوازیی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی بەغدا(باگاداتا)کە لەباری مێژووییەوە خاکی عەرەب نەبووە، عەرەبەکان داگیریان کردووە.

باسێکی گرنگی دیکەش هەیە کە دەبێ وتووێژبکرێ لەسەری، ئەوەش ئەمەیە کە حیزبەکانی کوردستان، پاش ئەوەی سالانی ساڵ بە چەک لەیەکدی بەربوون و هەزارانیان لە یەکدی کوشت و، ئەو دەرفەتە مەزنەی کە جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران و، پاش ئەوەش، شکانی لەشکری سەددام لە کوێت و، دامەزراندنی نەوای ئارام و، هەرەسهێنانی دەوڵەتی عێراق، هێنایانە پێشەوە بۆ کورد، کەچی بە گەمژەیەتی و دەستەوستانی و چاوچنۆکی و پارەپەرستی و ناشییێتی خۆیان و خۆبەستنەوەیان بە داگیرکەرانەوە، لە دەستی نەتەوەی کوردیان دا و، سەردمێک بوو دەیانگوت ،،ئەوی لە شاخ نەبووبێ، مافی قسەکردنی نییە،،. کەچی ئێستە قسە وباسیان هاتووەتە سەر ئەوەی"باوی چەک نەماوە و، باوی دیالۆگە". هەی لەبەرتانمرم هەزار ویەک جار. دەفەرموون دەی. دەبا ئەو حیزبانەی ئەو قسانە دەکەن، جارێ بچن چەکدارەکانی خۆیان هەڵبوەشێننەوە و، رێبدەن لەشکرێکی کوردستانیی سەربەخۆ و ناحیزبی و، پۆلیس و ئاسایشێکی سەربەخۆ و ناحیزبی دروست ببێ، ئەوجا ئەو قسانە بکەن. پاشان ئەگەر ئەم کوردە کوڵۆڵە؛ چەکی فڕێدا؛ بێ هیچ گەرەنتییەکی نێونەتەوەیی، ئەنجامەکەی چ دەبێ؟ ئەوەتا لەشکرە داگیرکەرەکانی کوردستان، رۆژ لە دوای رۆژ، بە پشتیوانیی دەوڵەتە گەورەکان، بە تایبەتی ئەمریکا و ئەوروپا و رووسیا و چین، چەکی قڕکەریان پتردەبێ و تەنانەت بە دوای دەستخستنی چەکی ئەتۆمیشدا ئاودالن، ئایا ئەمانە ئامادەن دۆزی کوردی بێ چەک و بێ پشتیوان لەڕێی خوادا چارەسەر بکەن؟ دیارە چەکداماڵێن بیرێکی زۆر بەرز و پیرۆزە و، پێویستە بە کوڵودڵەوە هەوڵبدرێ بۆی، بەڵام ئەم چەکداماڵینە دەبێ لە هەموو لایەکەوەبێ، واتە؛ لە لایەن کوردیش و دژبەرەکانیشییەوە و بە تەواویی و لە یەک کاتدا و، دەستبەجێ دەستکردن بە وتووێژ و هەڤپەیڤین لەگەڵ یەک و دادننان بەبوونی یەکدیدا و راگرتنی هەموو جۆرە زەوروزۆنگ و تۆڵە سەندنەوە و توندوتیژی و تۆقاندنێک. بەڵام ئایا ئەمە روودەدا؟ ئەزموونی ئەم جیهانە ئەوەیان ساخکردووەتەوە؛ ئەو لایەنەی هێزی چەکداریی هەیە، لە کاتی وتووێژدا دەنگی دلێرترە لە لایەنەکەی دی. مەگەر ئەوەی هەردوو لایان باوەڕیان بە ئازادیی هەبێ و ئەو دەمە وتووێژ پێویست نییە، وەک جیابوونەوەی چیک و سلۆڤاک لەیەک؛ بێ ئەوەی خۆێن لە لووتی یەک کەس بێ.

باسێکی دیکە کە پێویستە وتووێژبکرێ لەسەری ئەوەیە پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم، ئەوە بوو لیستی گۆڕان نەیتوانی زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمان وەدەستبهێنێ و، بە تەنێ حکومەت پێکبهێنێ، تاکو بتوانێ هەرێم بە تەنێ ببا بەڕێوە. لە بەر ئەوە، خەڵکەکە ناتوانن چاوەڕوانی بەجێهێنانی ئەو بەڵێنانە بکەن لێی، کە پێش هەڵبژاردن دابووی، چۆنکە ئەو بەڵێنانە پێوەند بوون بە بردنەوەی زۆربەی

دەنگەکانەوە.بەڵام ئێستە دەتوانرێ بەرنامەیەکی نوێ لەبەر رۆشنایی ئەم باسەی سەرەوەدا بخرێتە سەرپێ. نابێ بگوترێ : هەرهێندەمان لە دەست دێ و لەوە پترمان پێناکرێ . رەوتی گۆڕین نابێ هەر چاوەڕوانی کار و چالاکیی تاکە کەسێک، یان یەک دەستە بێ و بەدوای پەرجۆ "معجزة" یەکدا بگەڕێ کە لەو کەسە، یان لەو دەستەیە دیاریبدا و، ئەگەر دەستبەجێ ئاواتەکانی نەهاتنە دی، پشتی ساردبێتەوە و دیشکەم بکا لێی. گۆڕین پرۆسەیەکی دوورودرێژە و، سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەش بەستراوە بە تێکۆشینی گەرموگوڕ و نەپساوی هەموو دڵسۆزێکی کوردستان و پشتگیریی مافخوازانی نێونەتەوەیی و، هەموو هاوڕێ و دۆستێکی نەتەوەی کورد لە جیهاندا. بۆ سەرکەوتنیش، سەندیکایەکی سەربەخۆ و، دەزگەیەکی راگەیاندنی سەربەخۆ پێویستە کە لە رۆژنامەوانانی بەجەرگ و راستگۆ و پیشەزان پێکهاتبێ. دابینکردنی ژیانی رۆژانە بۆ رۆژنامەوانان و پاراستنیشیان لە دەستدرێژیکەران، مەرجە بۆ رەوشی تەندروستیی کارەکەیان. هەتا رۆژنامەوانان نەتوانن لە باری داراییەوە سەربەخۆبن و، چاوەڕوانی دەستی ئەم و ئەو بن، ناتوانن ئەرکی رۆژنامەوانی سەربەرزانە ببەنە سەر، نە لەسەر کاخەز و نە بە دەنگ و نە بە رەنگ. بۆ ئەمەش دامەزراندنی وەقفێکی تایبەت بە خزمەتکردنی رۆژنامەوانیی ئازاد زۆر پێویستە. لێرەدا دەبێ جیاوازیی دابنرێ لە نێوان چاپنامە(رۆژنامە و هەفتەنامە و کاتنامە و گۆڤار)یەک کە دەنگی حیزب و زمانحاڵی ئیدۆلۆژییەکی رامیاری یان ئایینییە و، چاپنامەیەک کە بۆ بازرگانییە و، چاپنامەیەک کە سەربەخۆ و بابەتنووسە. هەرچی چاپنامەی حیزبی و ئیدۆلۆژییە، ئەوە خزمەتی رێبازێکی تایبەتی دەکا و، لەسەر ئەو رێبازە دەکاتەوە، چاپنامەی بازرگانیش، هەر چاوی لە پارەیە و خواخوای دەنگوباسێکە کە ببێتە هۆی سەرنجراکێشانی خوێنەرەوە و، فرەژمارەیی فرۆشی کاڵاکەی، ئەوجا ئەو هەواڵە درۆیە، یان راستە، ئەوە گرنگ نییە بە لایەوە، هەر لەبەر ئەوەشە، زۆرجار دەبینین باسێک سەردێڕەکەی سەرنجراکێشە بە هۆی هەواڵێکەوە، کە دەچێتە سەر نێوەرۆکی باسەکە، دەبینی جۆرەکی دییە. یان دەبینین وتارێک، بە دڵی لایەنێک و لە دژی لایەنێکی دی بڵاو دەکاتەوە و دەنوسێ: "شارەزایان دەبێژن...هتد، یان: ئاگاداران بڕوایان ئەوەیە، یان کاربەدەستێک کە نەیویست نێویبهێنرێ گوتی...هتد. ئەوجا ئەو شارەزا و ئاگادارانە کێن؟ ئەو کاربەدەستە مستەر X کێیە، بۆ پەیداکردنیان دەبێ لە دەخیلەی سەرنووسەری ئەو چاپنامەیەدا بگەڕێیت بۆیان.

بۆ پشتگیریکردنی رۆژنامەوانی سەربەخۆ و ئازا و بابەتنووس، نەک هەر دابینکردنی ژیانی رۆژانە و پاراستنیان لە دەستدرێژی پێویستە، بەڵکو بوونی دادوەرییەکی سەربەخۆ و مافناس و بوێر کە بتوانێ بڕیارەکانی بخاتە گۆڕەپانی جێبەجێکردنەوە مەرجە، بەڵام تەنێ لە کۆمەڵگەیەکی دێمۆکراتیدا ئەو مەرجە دێتە دی. لەبەر ئەوە دەبێ هەوڵدان بۆ ئەوە بێ کە دەزگەی حکوومەت لە دەسەڵات و فەرمانی حیزب و، تەنانەت ئەو حیزبانەی کە لە حکوومەتیشدا بەشدارن، جیابکرێتەوە. بەبێ بوونی دادوەری(قضاء)یەکی سەربەخۆ و، مافخواز ونەترس، لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا دەزگەی راگەیاندنی گشتی و کاربەدەستانی ناتوانن بە ئازادی کار بکەن و ئەرکی خۆیان بەجێبگەیەنن. بۆ گەییشتن بەم ئامانجە؛ دەبێ رەوتی گۆڕین بە هەموو هەوڵ و توانست و وزەیەکی پەرلەمانتارەکانی وهێزی سەر شەقامەکان، هەوڵبدا بۆ دانوستاندن لەگەڵ پەرلەمانتارەکانی حیزبەکانی دی و دابینیانبکا بۆ خستنەکاری پەرلەمانێکی دێمۆکراتی؛ ئەمەش وەنەبێ هەروا هاسانبێ، چۆنکە تا هێزی چەکدار و سەرمایەی دارایی هەرێم بەدەست کاربەدەستانی دوو حیزبەوە بێ، گوێگرتن لە بڕیارەکانی پەرلەمان

زەحمەتە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەسەر پەرلەمانتارانی سەر بە لیستی گۆڕان پێویستە بە پێشنیاز و بەرنامەی تاووتوێکراو، پەرلەمان بخەنە چالاکی و دژبەرەکان بخەنە تەنگاوییەوە.

دیمۆکراتی مانای ئەوە نییە کە تەنێ حیزبی زۆرینە مافی بەرکەوتنی پارە و پۆستی حکوومەتی هەیە. ئەو حیزبانەی کە ژمارەی پەرلەمنتاریان لە پەرلەماندا کەمترە لە حیزبە زۆرینەکان، بە پێی ژمارەی خۆیان مافی وەرگرتنی پارە و پۆستیان هەیە بۆ حیزبەکانیان. لە هەر گوندێکیشدا، یان شارێکدا، یان گەڕەکێکدا کە ئەو حیزبە لە هەڵبژاردندا بردییەوە، دانانی سەرۆکی ستان و سەرۆکی شارەوانی و کاربەدەستان بە دەست ئەو حیزبەیە، هەروەها ئەو داراییانەی کە بۆ پرۆژەکان تەرخاندەکرێن، بە دەست لیژنەی گوند و شارەکانە و پێتەخت دەبێ رازیبێ بەوە.

خاڵێکی زۆر گرنگ ماوە کە لێرەدا شایەنی باسکردن بێ و، بە داخەوە لەلایەن جەماوەری ناحیزبی و لە نێو حیزبە کوردییەکانیشدا خراوەتە پشت گوێ.ئەوەش سەرەتای لێپرسینەوەیە، بە تایبەتی لێپرسینەوە لە دەستدرێژی و تاوان و خۆسەپاندنی ناڕەوا، بۆ وێنە: دەبینین چەند کەسێک لە پڕ کۆمەڵێک دروستدەکەن و بێ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێوەوە و دەرەوە، خۆیان دەکەن بە دەمڕاستی کورد و، دەستدەدەنە چەک و ماوەیەک دەکەونە بەیەکدادان لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتێکی داگیرکەری کوردستان و، بەنێوی چەند داخوازییەکەوە بۆ کورد و، لەو پێناوەدا گەلێک کەس دەکوژرێن یان دەربەدەردەبن و گەلێک شوێن وێراندەبن. ئەوجا لەپڕ و بێ هیچ جۆرە دەسکەوتێک، وازدەهێنن، یان دەبنە چەند دەستەیەکی دژ بە یەک و، دەکەونە جنێودان بە یەک و، بە زۆریی، لەلایەن داگیرکەرێکی دیکەی کوردستانەوە بەکاردەهێنرێن. هیچ لایەنێکیش نییە بیانخاتە بەردەم پرسیار و وەرام. یان دەبینیت حیزبێک سالانی ساڵ بە چەک لە شەڕدایە لەگەڵ داگیرکەرێکی کوردستان و دروشمێکی گەورەی هەڵگرتووە و هەزاران کەس لەو پێناوەدا گیانیان لەدەستداوە و، زیانێکی زۆر لە کورد کەوتووە، ئەوجا لەپڕ بایداوەتەوە و دەبێژێ ئەو دروشمە "هەڵە"بووە. بەرپرسیاریش لەم هەموو قوربانییە و لەو"هەڵە"یە کێ بووە ، دیار نییە. یان دەبینیت، دوو حیزب، یان چەند حیزبێک سالانی ساڵ کوردکوژییان کردووە و نێویاناناوە" شەڕی براکوژی" و ئەوجا، بە زۆری دەوڵەتێکی زل، ئەوەش بۆ بەرژەوەندیی خۆی، وازیان لە شەڕ هێناوە، کە ئەمەش شتێکی زۆر باشە، بەلام هیچ لایەکیان بەرپرسیارێتی ئەو هەموو قوربانییەی نەگرتووەتە ئەستۆ. یان دەبینیت دەستەیەک کورد لە کاتی ئەنفالەکەدا هاوکاری رژێمی بەعس بوون لە تەفروتووناکردنی کورد و گەلکوژی لەکورد و پاش ئەوەی "نەوای ئارام" دروستبووە، نەک هەر نەدراون بە دادگە، بەڵکو هێندێکیان پلەو پایەشیان پێدراوە. یان دەبینیت هێندەک لایەن هەن، کەوتوونەتە پاڕانەوە و بەرگریکردن بۆ کەسانێکی وەک "نزار خەزرەجی و وەفیق سامەڕایی و سوڵتان هاشم" کە دەستیان هەبووە لە تاوانکردندا بەرامبەر کورد. یان کەسانێک هۆکاری بەرەلاکردنی تاوانباران بوون وەک تاریق رەمەزان، یان کەسانێک هەن سالانی ساڵ ئەندامی پەرلەمانی عێراقن بە نێوی کوردەوە، کەچی یەک وشەیان لەدەم نەهاتووەتەدەرێ بۆ کورد و پارەی خۆشیان وەرگرتووە و، گەلێک دەرفەتی گونجاویان لەدەست کورد داوە. یان کەسانێک هەن کە لە سەردەمی بەعسدا بازرگانێکی گچکەبوون، ئێستە گاڵتە بە ملوێن دەکەن. یان کوردستان کراوە بە دۆزەخی ژنان. لیستەکە مخابن دوورودرێژە، بەلام لە نێو کورددا لێپرسینەوە نییە. پێویستە قسە و قسەلۆکی پاشەملە بکەینە لێپرسینەوەی رووبەڕوو و قانوونی. ئەز کە پشتگیریی بوونی لێپرسینەوەیەکی دادپەروەرانە دەکەم، مەبەستم تۆڵەسەندنەوە نییە. ئەز زۆر دژی سزای مەرگ و ئازاردانی لەش

و نانبڕینم، بە تایبەتی نانبڕینی ماڵ و منداڵی تاوانباران. بەڵام ناکرێ کەسێک کە ژیانی لە پێناوی رزگاریی کورستاندا بەختکردوووە، منداڵەکانی برسی و رەشوڕووت و ئاوارەبن و، کەسێکیش کە ئەنفالی لە کورد کردووە، کاربەدەست بێ و، فەرمان بەسەر منداڵانی شەهید و پەککەوتەکانی چەکی کیمیاییدا بکا. هەروەها نابێ رێ بە کۆلکەمەلایەک بدرێ دوانگەی مزگەوتێک بکاتە شوێنی هاندانی مێشکنەخۆشان دژی ژنانی ئازا و رۆشنبیر. ئایا ئەمە بێویژدانی نییە؟ **رەوتی گۆڕین پێویستە بەشێنەیی و ژیرانە، دادخوازینامەیەک بە ژمارە و بەڵگە و گۆڤان(شایەت)ەوە بهێنێتە پەرلەمانی کوردستان و داوای دامەزراندنی دادگەیەکی سەربەخۆ و تایبەت بە کێشەی ئەم بێدادییە بکا و لەبەر رۆناکایی بڕیارەکانی دادگە، قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکرێتەوە و؛ تاوانبارانیش، پاش بڕیاری دادگە، داوای لێبوردن لە نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان بکەن، کە بێگومانم نەتەوەی کورد دڵی گەورە و بەسۆزە و دەزانێ بە کوشتنی هەزاران تاوانبار؛ یەک تاوانلێکراو زیندوو نابێتەوە. خۆ ئەگەر ئەو دادگەیەش دروست نەبوو، ئەوا دەکرێ** دادگەیەکی سێبەر **پێکبهێنرێ لە چەند قانوونناس و پارێزەر و دۆزگری گشتی و کەسانێک، ئامادەبن رۆڵی تۆمەتبارکراو بگێڕن، ئەگەر کەسی تۆمەتبارکراو خۆی نەهاتە بەر ئەو دادگەیە، زیانلێکەوتووانیش، بە خۆیان و بەڵگە و گۆڤانەکانیانەوە، ئامادەبن و، دادگەییکردن بە ئاشکرابێ. گۆڤانەکان دەبێ گۆڤانی راستینە بن. بە دڵنیاییەوە تۆمارکردنی دەربڕینی گۆڤانەکان و سکالانامەی لێقەوماوان و زۆرلێکراوان، مێژووی رامیاریی کورد، فرە دەوڵەمەند دەکا و گەلێک نهێنی ئاشکرا دەبن.**

**لە کۆتایی ئەم قسانەدا سوپاسی گوێگرتنتان دەکەم و داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر سەرتانم ئێشاندبێ، هیوای منیش ئەوەیە هەر کوردێکی ئەوروپا؛ زمانی ئەو وڵاتە بە باشی فێرببێ کە تێیدادەژی و منداڵەکانیشی بە زمانی کوردی و خۆشەویستیی کوردستان پەروەردە بکا و هەوڵبدا پیشەیەک فێربێ و خۆی لە کۆمەڵگەی ئەوروپایی دوورنەخاتەوە، بەڵکو کار بکاتە سەری بە بەشداریکردن تێیدا بەنیازی خێرخوازیی. دڵنیابن ئەگەر کۆڵ نەدەن رۆژێک دێ خەڵکی کوردستان بە ئازادی و یەکسانی لە ژێر ئاڵای رەنگینی کوردستاندا بژین. دیارە ئەز ئەو رۆژە بە چاوی خۆم نابینم، بەڵام دڵم خۆشە، چۆنکە دەزانم گەلێک لە ئێوە ئەو رۆژە خۆشە دەبینن کە** درۆشمی دێرینی "یان کوردستان، یان نەمان" دەبێتە "هەم کوردستان، هەم ژیان"

**هەر بژین بە سەربەرزیی و هەر بژی کوردستان، پاشماوەی خاکی ماد و ساسان.**